# یەگرتوی ئیسلامی حیزبی شیوعی کوردستان لە گەڵ یەکێتی و پارتی
# چ شتێك بە یەکەوەیان کۆدەکاتەوە

سمکۆ عبدالکریم

- من پێم وانیە یەکێتی و پارتی بەبێ بەرنامەیەکی هاوبەش گەیشتبنە ئەو ئەنجامەی کە لەم قۆناخەدا بە لیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردنی کوردستان بکەن ، بەڵام ئەو بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیدارییەی کە حیزبەکانی دونیا بەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنی وڵاتەکەیان دەیخەنە روو زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کوردستان ، چونکە کوردستان لە قۆناخێکی زۆر جیاواز و تایبەتتر دایە ئەوەش بەو مانایە نییە کە لەم رووەشەوە یەکێتی و پارتی مەرج نییە بەرنامەیان هەبێ باشترین بەرنامەی ئەو لیستی هاوبەشەی ئەم دوو حیزبە لەوە دایە کە ئەم دڵەراوکێیەی هاوڵاتیانیان تا رادەیەکی باش نەهێشت ، چونکە تا ئەم کاتەش هاوڵاتیان بە نیگەرانیەوە دەیان روانیە پرۆسەی هەڵبژاردن ، دیارە سەرکردایەتی یەکێتی و پارتیش بەر لە هەمووەمان ئەو راستیە باشتر تێدەگەن لەبەر ئەوەی هەر بۆ خۆیان دەزانن کە ئەندام و کادیرەکانی خۆیان چۆن پەروەردەکردوون ، چیان لە مێشکدا چاندون ، دواتر یەکتر قبول نەکردن ، کە ئەمە دەکرێ زۆر بەووردی قسەی لەسەر بکرێ ، من زۆر جار دەگەمە ئەو قەناعەتەی کە ئەم دوو حیزبە و کادیرەکانیان زۆر راستن لە سەر ئەوەی یەکتریان پێ قبول نەکرێ لەبەر ئەوەی بەیانی یەکێکیان دەربچێ و ببێتە دەسەڵاتداری کوردستان هەموو شتێك بۆ قورخ دەکات . هەر کەسێك نەچێتە ریزی حیزبەکەی و ملی دووکەسی بۆ نەشکێنێ ئەوە ئامادە نیە بە فەراشیش کە نزمترین پلەی وەزیفیە دایبمەزرێنێ ، من نازانم بەرنامەی پارتی چی دەبوو ئەگەر لە هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان زۆرینەی دەنگەکان بە دەست بێنن ،بەڵام ئەوەی لە برادەرانی یەکێتی بیستبووم لە حالەتێکدا ئەگەر ئەوان لە هەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست بێنن و شەرەڤ دامەزراندنی حکومەتی کوردستانیان پێ سپێردرابووایە ئەوا حکومەتێکی ئیتلاف هەمە لایەنەیەیان بە هاوکاری پارتی پێك دەهێنا, ئەوەی من بیزانم بە گوێرەی قانونی هەڵبژاردنەکان هەر حزب و لایەنێك دوای ئەوەی لیستی خۆی ئامادەکات دەبێ بەرنامەی کاری خۆشی بخاتە روو,, داتر ئەوەی زۆر گرنگە قسەی لەسەر بکرێت دابەش کردنی کورسیەکانی پەرلەمانە کە من پێم وایە خراپ تێگەیشتنێکی زۆر هەیە چ لە نێو رۆشنبیراندا چ لە نێو هاولاتیاندا , کاتێ قسە لەسەر پێك هاتنی نێوان پارتی و یەکێتی دەکرێت هەر یەکەو لەلای خۆیەوە دەلێ کورسیەکانی پەرلەمانیان دابەش کردوە و ئیتر هەموو شتێك تەواو ئەمە جۆرە ساردیەکی لای هاولاتیان دروست کردوە لەوەی وەکو پێویست بەشداری هەڵبژاردن نەکەن سەرکردایەتی ئەم دوو حزبەش هەوڵیان نەداوە ئەو مەسەلەیە وەکو خۆی بۆ هاولاتیان بەزمانی خۆیان بۆیان روون بکەنەوە , هەرچەندە ئەو دوو حزبە لەگەڵ چەند حزبێکی تر رێك کەوتون کە بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەن کە ئەمەش بە پێی بریاری ژمارە 97 کۆمسیونی بالای هەڵبژاردنە کە دیارە هەموو ئەو حزبانەش کە لەگەڵ یەك

**ڕێك كەوتوون دەبێ قسە لەسەر چۆنیەتی ڕێكەوتنەكەیان بكەن ,, بۆ یە دابەش كردنی كورسیەكان كە قسەی لێوە دەكرێت لێرەوە سەرچاوەی گرتووە ئەگەر نا نە یەكێتی نەپارتی دەسەلاتی دابەش كردنی یەك كورسی پەرلەمانیان نیە , تەنیا دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەكان نەبێت كە ئەوكاتەش بەپێی ڕێژەی ئەو دەنگانە دەبێت كە بە دەستیان هێناوە كە ئەمەشیان بەپێی ریزبەندی ناوەكان دەبێت كە لە لیستەكەدا هاتووە لە كاتێكدا ئەگەر ناوی چەند كاندیدێكی یەكگرتوو بكەوێتە دوای ریزی ئەو دەنگانەی بەدەست هاتووە ئەوە نە یەكێتی و نە پارتی ناتوانن لاقە كورسیەكیش بدەن بە یەكگرتوو ,, بەلام پێدەچێ ئەوان لەو ڕێكەوتنەدا وا لەگەڵ ئەو حزبانە ڕێكەوتبن كە ناوی كاندیدەكانی ئەوان لە ریزی پێشەوەی لیستەكەدا دابندرێ..**

**دواتر شتێك هەیە كە پێویستە قسەی لەسەر بكرێت , ئەوەیە گوتمان بۆ بەشداری كردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقی گرنگە كورد لە چوارچێوەی كوردستاندا بە یەك لیست بچێتە مەیدانەكە , بۆ كوردستانیش وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ كرد بۆ ئەم قۆناخەش باشتر وایە یەكێتی و پارتی بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردنی كوردستان بكەن بەلام بۆ حزب و لایەنەكانی تر كە هەموو گیانیان رەخنەیە لەو دوو حزبە لە كوێوەی فیكر و فەلسەفە و بەرنامەكەیاندا ڕێگایان بەخۆیان داوە بچنە نێو لیستە هاوبەشەكە بۆچی ئامادە نیین بە لیستی جیا یان بە هاوپەیمانیەتیەكی جیا لە بەرامبەر لیستی یەكێتی و پارتیدا بچنە نێو پرۆسەی هەلبژاردنەوە ئێستاش تێناگەم یەكگرتووی ئیسلام و حزبی شیوعی و سوسیالست و یەكێتی و پارتی چ بەرنامەیەك بەیەكەوەی كۆكردونەتەوە بۆچی چەپەكان بەیەك لیست و ئیسلامیەكانیش بە لیستێكی ترلە بەرامبەر لیستی هاوبەشی  یەكێتی و پارتی بەشداری هەڵبژاردن ناكەن.**

**بەلام رەنگە هەموو مەبەستی یەكگرتووی ئیسلامی و حزبی شیوعی ئەوە بێت كە بە هەرشێوەیەك بێ چەند كورسیەكی پەرلەمانیان دەست كەوێ**